# ئەمەریکا و ستاتۆی کەرکوک

ســـــــەدات ئـــەرگـــــــین
لە تورکییەوە: بەکر شوانی

ئەو کاتەی ئەمەریکا لەدوای شەڕی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١دا باکوری هێڵی پانی ٣٦ی لەدژی بەغداد وەکو هەرێمی دژەفڕین ڕاگەیاند، کەرکوک نزیکەی ٤٥ کم دەکەوتە باشوری ئەو هێڵەوە. بە ڕاستی لە بواری جێبەجێکردندا هێڵێکی بەرچاو لە ئارادا نەبوو بۆ جیاکردنەوەی باکور لە باشور و ئەو هێڵەی کە هەرێمی پارێزراوی کوردەکانی دەگرتەوە، بە شێوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ سنوری تورکیا (هەرێمی بارزانی) دەکشا و پاشان بە هاوتەریبی لەگەڵ سنوری ئێراندا (هەرێمی تاڵەبانی) بەرەو خوارەوە شۆڕ دەبۆوە و دادەبەزی بۆ ژێر هێڵی پانی ٣٦، موسڵیش سەرەڕای ئەوەی دەکەوتەی سەرووی هێڵی پانی ٣٦وە، لەژێر کۆنترۆڵی بەغداد دا مابۆوە. بە کورتی: شاری موسڵ کە ڕوخسارێکی دیاری عەرەبی هەیە و شاری کەرکوک کە خاوەن ڕێژەیەکی بەرچاوی دانیشتووی تورکمانە، لە ساڵی ١٩٩١وە هەتا دواین شەڕ لەژێر فەرمانڕەوایی ناوەندیی بەغداد دا مایەوە.

سیاسەتی قسەهەڵگری ئەمەریکا

بە سەیرکردنێکی ئەم تابلۆیە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەمەریکا بە درێژایی ١٢ ساڵی ڕابردوو شاری کەرکوک کە چوار گروپی نەتەوەیی (ئاشوری، عەرەب، کورد، تورکمان) ی پێکەوە تێدا دەژی، لە هەرێمی کوردیدا نەبینیوە، بەڵام دەکرێ باس لە چەند ئاڕاستەیەک بکرێ کە لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا ئەم هەڵوێستەی ئەمەریکای خستۆتە بەر گفتوگۆ. ئاڕاستەیەک لەوانە؛ گروپە چەکدارەکانی کورد لەدوای ڕوخانی بەغداد و لە ئەنجامی هەڵکردنی تیشکی سەوز لەلایەن ئەمەریکاوە، چوونە کەرکوکەوە و لە بەرامبەر ڕای گشتی جیهان خۆیان وەکو "ڕزگارکەرانی کەرکوک" نیشاندا. ئاڕاستەیەکی تر، ئەمەریکا لەدوا هەڵبژاردنی پارێزگاردا لە کەرکوک بە لەبەرچاوگرتنی کوردەکان پەیڕەوی شێوازێکی کرد و لە سەرکەوتنی پاڵێوراوەکەی "جەلال تاڵەبانی"دا هاوکاری کرد.

ئەمەریکا بۆچی عەرەبەکانی تووڕە کرد؟

ئەگەر سەیری ئەو هەواڵانە بکرێ کە لە واشنتۆنەوە دێن، چاوەڕێ دەکرێ لە قۆناغی داهاتوودا مامەڵەی جیاوازی حکومەتی بوش لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا بە شێوەیەکی سروشتی تەماشا بکرێ، بە ڕاستیش بڵاوکردنەوەی فەرمانێک لەلایەن فەرماندەیی ئەمەریکاوە سەبارەت بە کۆکردنەوەی چەکی قورسی بێ مۆڵەت و ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ئەم فەرمانە کوردەکان ناگرێتەوە، دەکرێ بە ئاماژەیەکی ئەم مامەڵە جودایە لە قەڵەم بدرێ. ئایا لەبەر ڕۆشنایی خواستی ئەمەریکادا بۆ بەهێز کردنی گروپە کوردیەکان لە ڕووی سەربازیەوە لە کاتێکدا هەنگاو بۆ دامەزراندنی عێراقێکی نوێ دەنرێ، چاوەڕێی سیاسەتێکی چۆن و حسابێکی چۆن دەکرێ؟

ئایا ئەمەریکا کەرکوک دەخاتە بەردەستی کوردەکان؟

گروپە کوردیەکانی عێراق لە کۆنەوە کەرکوک بە مافی خۆیان دەزانن و تەنانەت لە کەس شاراوە نیە کە بە "قودسی کوردستان"ی دەزانن. پرسیاری هەستیار لێرەدایە: ئایا ئەمەریکا ڕێگە دەدات کەرکوک ڕاستەوخۆ بخرێتە سەر هەرێمی دەسەڵاتی کوردی؟ بێینە سەر ئەوەش کە کوردەکانی عێراقیش لە ڕیزێک خاڵدا لەسەر مافن، بە تایبەتی لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١وە "سەدام حسێن" لە کەرکوک و دەوروبەری کەوتە تۆڵە سەندنەوەیەکی توند و نزیکەی ١٠٠ هەزار کوردی ئاوارە کرد و دەزانرێ کە عەرەبی لە خانووە

چۆڵکراوەکان و لەسەر زەویەکانیان نیشتەجێ کرد و هەروەک ئاشکرایشە تورکمانەکانیش لە دوای کودەتاکەی ساڵی ١٩٦٨ی بەعسەوە بە هەمان شێوە ڕەفتاریان لەگەڵدا کراوە.

**ئایا ئەمەریکا دادپەروەرانە هەڵسوکەوت دەکات؟**

بەر لە دەستکاری کردنی ستاتۆی کەرکوک ئەو کەسانەی کە لە چوارچێوەی سیاسەتی بە عەرەبکردندا لە شوێنی خۆیان دەرکراون –سەر بە هەر گروپێکی نەتەوەیی دەبن با ببن– پێویستە گەڕانەوەیان بۆ شوێن و ڕێی خۆیان زامن بکرێ. شان بە شانی ئەمە دەبێ لەسەر ئاستی عێراق سەرژمێریەکی بێ فرتوفێڵ ئەنجام بدرێ و هاوکات لەگەڵ هاویشتنی ئەم دوو هەنگاوە گرنگەدا مەرجە ئەمەریکا هەڵوێستێکی ڕەوا پەیرەو بکات و هەمان دووری لە هەموو گروپە نەتەوەییەکان بگرێ. ئەو ڕێبازەی کە هەتا ئێستا حکومەتی بوش پەیرەوی کردووە، لەوە ناچێت لەم ڕووەوە جێگای متمانە بێت. ئەگەر ئەمەریکا ئەو دووربینیەی لێی چاوەڕێ دەکرێ نیشانی نەدات، ئەوا لەوانەیە پێکهاتنی ئاشتیی ئارەزووکراو لەم وڵاتەدا بکەوێتە مەترسیەوە.

---

سەرچاوە: ڕۆژنامەی حوریەت ٢٠٠٣/٦/٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت